# (دیاریی باوکم)-
# پاییز زوو دێت

هەژار حوسێن

لەگەڵ پاییز و
خوڕە بارینی باران بێدارم.
چۆڵم لەو دەستانەی گیانم ختووکە دەدەن.
بێکەس بەسەر ئەو شەقامەی وێڵی نادیارییە، ڕادەبرم.
زویریی یار، با تاریکی و دڵداریش بێت،
پێدەشتەکانی ڕەشبینیی بۆ چۆڵبوون جێدەهێڵم.
(بەردی ڕەشی وارنشینان. ناوەکەیم بیر نییە)
هەوارەکانیان چ نادیارییێک دەدەن بەهەنگاوەکانم؟
نهێنی ئەو مامەنەم لەیاد ناچێتەوە
کە پاییزی هات و
سەرقاڵی وەسیەتێکی غەریبتر لەخۆمی کردم.
خودایە، ڕووتبوونەوە شەرمهێنە یان خۆخستنە پێستی ترەوە؟

پاییز؛ خۆبینینەوەی بریندارانەی دایکایەتییە
بەبەرچاوی کوکوختییەک.
دەشێ ڕووتبوونەوەی کچێکی ئەتککراوی ماڵە هەژارێکیش بێت
چەند شەقاوێک دوور لە چارەنووسی بەشوودان.

پاییز زوو دێت و
زرینگانەوەی یادەوەرییەکی خێرا ڕۆیشتوو دەخاتە بەر گوێچکەم.
لەگەڵ پاییز
گەڕانەوەی لاشەیەکی شەکەت،
کە زەوی بەدەست پیربوونی دەناڵێنێ
داهاتووم دەباتە بەردەم زراوچوون.

پاییز زوو دێت و
سەرگەردانبوونی کاژێر و
ڕێکەوتە پووچەکانی گەمەی ژیان،
جەستەی کوناشبووم،
دەخەنە بەر تیری سەرەڕۆییەکانم.

توونە باوەش بە پاییزدا دەکەم و
پێی دەڵێم:
باوکی پیرۆزم چی بۆ منداڵیی، بەدیاری ناردووم.
کەچی ئەو مۆڕەیەکم لێدەکات و
لەبەر خۆیەوە: هەم، قوڕمساخی حەڕامزادە.

پاییز زوو دێت:

ڕۆژەکان، سیمای جەنجاڵییان دەشارنەوە.
یەکشەممە لە ترەک دەدات
بەپرتەوبۆڵەوە کوا نەوت؟
ئاخر جەستە گرمۆڵەبووی من،
کوا بە ڕۆژەکانی تری هەفتە گەرم دەبێتەوە.

لێ ئەو پیاوە کەسنەناسە و
ئەو سەرابەی شیوەنی تێدا دەکات
مودمینە بەعەشقی بارانێکی نەهاتیی پاییزانە.
ئەوکانییەی خۆی تێدا دەشوات؛
مەست بەجەستە ڕووت.
کەچی ئەم تاقەتی ژماردنی کاتژمێرە کوژراوەکانی نییە.

پاییز زوو دێت
کەچی من هەر پیاوە کەسنەناسەکەی جارانم.
شوێن و هەتەرم هەوارە تاریکەکانە.

من کوڕی نیشتیمانێکی گێلم.
بە باران وشک دەبمەوە.
بەوەرینی گەڵاکانی پاییز تەڕ دەبم.
گەرمای ناو کووچەکانی هاوین سڕم دەکەن.
سەرمای زستان دەمسوتێنێ.

سەرسام نەبووم بەوەی؛
ئاخۆ بەرلافاوی ڕەشەباکانی خەیاڵ کەوتووە

یان ژیان پێچەوانە بووەتەوە.
لەسەیرکردنی دەمامکەکان تێگەیشتووم؛
ئەم وێرانگەیە دووکەڵ چووەتە ناخی.

کۆڵانێکی تاریک ئاسودەیی دەفرۆشێت
ئەم کەلاوەیە هێندە چۆڵە توخمی بیابان:
بۆنی ڕشتنی خوێنی ڕووباری لێدێت.

پاییز زوو دێت
من باوەش بە پاییزدا دەکەم و
پێیدەڵێم: کوا باوکم؟
باوکم چوو دیارییم بۆبێنێ،
خۆی هیچ. بەڵام دیارییەکەی کوا؟

قەت خوانەکات پاییز دیاریی باوکم بێت.
ئاخر ڕەنگە ڕۆژێک بخرێتە ناو تابووتێک و
بێتاقەتیی، لەناوقەدی ببەستنەوە.

کەس باوەڕی نەدەکرد مانگ بەمەستیی
لەتاریکی شەو بێتەوە. بەئاهێک بەئەستێرەکان بڵێ
فیز بەڕووناکییەکەی من لێمەدەن
سەرچاوەی من هەرێمێکە لەشەوقی ڕۆژ:
نەیزەکەکە لەهۆش خۆی چوو.

ڕۆژ دوودڵ لە هەڵاتن

مانگ لە ئاوابون.
فریشتەیەک کەماندوو بوو،
لە نووسینی ئەحمال، جەگەرەییێکی داگیرساند
لاوی دەفژەنیش لەبەرخۆیەوە:
دەیوت پاییز زوو دێت؛
گەڵاکان زەرد دەبن و
بەگەڵاکانی تەڕ دەبم،
بەڵام بڵێی دیاریی باوکم لەگەڵ خۆی بێنێ؟